# منیش شایستەی خەڵات بووم

**بەڕێز / فەلەکەدین کاکەیی**
**وەزیری ڕۆشنبیری سڵاو**
**بابەت/ ئاهەنگی ڕێزلێنانی تیپی مۆسیقای شۆڕش**

بەچاودێری بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاهەنگێکی ڕێزلێنانی شایستە بۆ بەرز ڕاگرتنی خەبات و داهێنانی پێشمەرگە هونەرمەندەکانی تیپی مۆسیقای شۆڕشی مەزنی ئەیلول سازدەکات/ یەکشەمە ٢٠٠٦/٢/٢٦ کات ٥ی ئێوارە /شوێن هۆڵی میدیا.

ئەوەی سەرەوە پوختەی ئەو کارتە بوو کە دابەشکرا بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستان و میوانانی دەرەوەی هەولێریش ئامادە بوون ئاهەنگەکە دەستی پێکردو ڕێزلێنانیش تەنها بۆ مۆسیقاژەنەکانی تیپی مۆسیقای شۆڕش بوو ئەو نووسینانەی کە لەسەر کارتەکە نوسرابوو وەها دەرنەچوو.

بەڕێز دیارە پێشتر بڕیاری ئەوە درابوو کە ڕێزلێنان تەنها بۆ مۆسیقیەکانەو ئەوانیتریش پاش ماوەیەکی کەم و گوتیان دوای ٢ مانگ ئەوانیتریش خەڵات دەکرێن و بڕیاریاندا ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێمن و ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە ڕێزلێنان نایانگرێتەوە کە ئەمە بڕیارێکی زۆر نابەجێ و زۆر غەدر بوو بەتایبەتی بۆ هونەرمەندە کۆچکردووەکان، دیارە ئەوان نە پێشمەرگەبوون و نە هونەرمەند ئاخۆ دەبێ خێزان و نەوەکانیان چ بڵێن بەرامبەر بڕیارێکی ئەوها نادروست، بە هەر حاڵ ئەوانەی لەدەرەوەی هەرێمن (حەسەن گەرمیانی، سەلاح مەجید) کۆچکردووەکان ١-ڕەسوڵ گەردی ٢-عوسمان عەلی ٣-ئیسماعیل وەندی، هەروەها محەمەد تەیب تاهیرو تیپی مۆسیقای (دیلمان) ئەوانیش بەجیا خەڵات کران، دەمێنێ نوسەری ئەم بابەتە (جیهانبەخش، ئیبراهیم سابیر، کەریم کابان، عەولاڕەش، قاسم حەمید)، من نازانم ئەو ٣-٤ کەسە کە ماون چ سرێك هەیەو بۆچی خەڵات نەکران و دیارە ئەوەش عەبقەرییاتی موستەشارو خەبیرەکانە کە دەبوایە هەموو هونەرمەندەکانی بگرتایە. زانیاری دەربارەی تیپی مۆسیقای شۆڕش من تاکە کەسم لەهەولێر کە وردەکارییەکان دەزانم و بەتۆماری لای خۆم ماوە بۆ ئەمەش بەڵگەم هەیە ئەگەر یەکێکیتر خۆی کردە ساحێب.

بەڕێز جەنابی وەزیر من کە ئەندامێکی کارای تیپی مۆسیقای شۆڕش بووم و وەك تۆمارکاری دەنگ و کۆرس کارم دەکردو هەموو ئاهەنگەکانی تیپ و بەرهەمەکانی و سروودەکانی لای خۆم پاراست و هەردەم ملی من لەسەر چەقۆ بوو کە ئەو گۆرانی و سروودانەم لە ماڵەوە هەڵگرتبوو، لەگەڵ سەدان سروودی قەدەخەکراوی تر کە لەماوەی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩١ واتە زیاتر لە ١٦ ساڵ من ئەوانەم پاراست لەگەڵ ئەو ترس و تۆقاندنەی کە لەو ماوەیە هەبوو، دوای ڕاپەڕینیش بەسەر هەموو ڕادیۆو tv یەکانم دابەشکرد بێ بەرامبەر.

بەڕێز کاک فەلەکەدین: بەداخەوە ناچاریان کردم کە شتەکان بڵێم ئەگینا قەت و قەت من باسی خۆم نەکردووە، چونکە هەموو شاری هەولێر دەزانن بەتایبەتی هونەرمەندان و گشت ڕۆشنبیران کە من لەتۆمارگەی خۆم تازەترین بابەتی سروودو گۆرانی سیاسیم بڵاودەکردەوە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی فاشیست بۆ ئەمەش بەدەیان بەڵگەم هەیە. هەر منیش بووم بۆ یەکەمین جار لەگۆڤارو ڕۆژنامەکان یادی تیپی مۆسیقای شۆڕشم کردەوە لەگۆڤاری ڕامانیش بەتێروتەسەلی باسی ئەندامان و بەرهەمی ئەو تیپەم کردووە پێشم خۆشە بزانن زۆر لەئەندامانی تیپی مۆسیقای شۆڕش پێیان ئەستەم بوو، بەڵکو لاشیان شەرم بوو کە بڵێن ئێمە لە تیپی مۆسیقای شۆڕش بووین، بێجگە لە مامۆستا کەریم کابان کە لە هەموو چاوپێکەوتنەکانی tv و ڕادیۆو گۆڤارو ڕۆژنامەکان بەفەخرەوە باسی ئەوەی دەکرد کە ئەو یەك لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای شۆڕش بووە، بەڵگەشم بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە کە ڕۆژی خەڵات کردنەکە یەکێك لە ئەندامانی تیپی مۆسیقا خۆی نەهات و بەڵکو یەکێکیتر لەجیاتی ئەو وەری گرت، بەڵام سەیر لەوەیە چۆن بەرپرسان و سەرپەرشتیارانی ڕێزلێنانەکە قبوڵیان کرد؟ کێ دەڵێ ئەو کەسە ماوە یا لەدەرەوە نییە؟. ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کەمن لەسەر تیپی مۆسیقای شۆڕشم نووسیوە ئەمانەن:

١-ڕامان ژمارە ٩ ساڵی ١٩٩٧.

٢-دیسانەوە تیپی مۆسیقای شۆڕش، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٠٨ پێنجشەمە ١٩٩٧/٥/٨.

٣-یادی ٢٥ ساڵەی تیپی مۆسیقای شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، یەکشەمە ١٩٩٩/٤/٢٥ ژمارە ٢٨٢٠.

٤-یادێکی تیپی مۆسیقای شۆڕش، دەنگی شۆڕش و هونەر، ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە ٣٠٧٧ چوارشەمە ٢٠٠٠/٤/٢٦.

٥-هونەر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١٩١٣ یەکشەمە ٢٠٠٥/٩/١١.

جەنابی وەزیر: ئەم نووسینانەو لەگەڵ کۆمەڵە ئەرشیفێکی باش کە زیاتر لە ١٠٠ گۆرانی و مۆسیقاو سروودو کۆمەڵێك وێنەیە ئەمانە شایەدی ئەوەن کە دەبوا من یەکەم کەسی ڕێزلێنانەکە بوام، بەڵام بەداخەوەو ئەسەفم بۆ ئەوەیە نەدەبا مەدحی خۆم بکەم، بەڵام ناچاریانکردم.

لەکۆتایی داوای لێبوردن لە وەزیری ڕۆشنبیری پێشوو کاك سامی شۆڕش دەکەم کە بەهیچ شێوەیەك گلەیم لەو نییە، چونکە ئەو زانیاری لەسەر تیپی مۆسیقای شۆڕش نەبوو، بەڵام ئەوانەی کە بەخۆیان دەڵێن موستەشارو خەبیر با لەمەودوا بەویژدانەوە کارەکان ئەنجامبدەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دەوروبەرەکەیان کارنەکەن داواش لە جەنابی وەزیر دەکەم کە خۆی سەرپەرشتی زۆر لە ئیشەکان بکات بۆ ئەوەی هێڵی نادروست لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دروست نەبێ. چاوەڕوانی وەڵامین.

**جیهانبەخش کۆیی**
**ئەندامی تیپی مۆسیقای شۆڕش**
**١٩٧٤-١٩٧٥**